

# ئەگەر تەنها سێ ڕۆژ بمبینیایە

نوسینی:هیلین ئادەمز کیلەر      وەرگێرانی:بنار دارا محمود

# ئەگەر تەنها سێ ڕۆژ ببینیایە

**نووسینی: هێلین ئادەمز کیڵەر**

**وەرگێڕانی: بنار دارا**

نیسانی ٢٠٢٢ / کەرکووک

# پێشەکی:

هێلین ئادەمز کیلەر لەتەمەنی شەش مانگیدا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو، کە بووە هۆی لەدەستدانی هەستی بیستن و بینایی. ئەم نەخۆشییەی بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانێت قسەش بکات بەڵام بەهۆی یارمەتی مامۆستاکەی خاتو "ئێن سەڵەڤن" توانی لە تەمەنی دە ساڵیدا قسە بکات. بە تێپەڕبوونی کات هێلین توانی ژیانی خۆی بگۆڕێت لە تاریکی و بێدەنگیەوە بۆ دونیاییەکی گەش و پڕ هیوا.

دوای دەرچوونی بە پلەی باڵا لە زانکۆی ڕادکلێف لە ساڵی ١٩٠٤ی زاینی، دەستی کرد بە خوێندنەوە و نووسین، بەهۆی ئەو ناوبانگە زۆرەی کە بەدەستی هێنا؛ توانی گەشتی چەندین وڵات بکات.

لە درێژەی ئەم گەشتانەیدا لە سالی ١٩٥٢، لەگەڵ یاریدەدەرەکەی خاتوو "پۆڵی تامسۆن" سەردانی وڵاتی میسریان کردووە.

کتێبی (چیرۆکی ژیانم) یەکەم بەرهەمی هێلینە، لەبەرهەمەکانی: (ئەو جیهانەی تێیدا دەژیم)، (گۆرانی دیواری بەردین)، (ڕوناکیەک لە تاریکیمدا)، (دەرچوون لەتاریکی)، (خۆشەویستی و ئارامی)، (هێلین کیلەر لە سکۆتلاند).

جگە لەمانەش خاوەنی چەندین کتێب و کورتە چیرۆک و وتاریشە، باس لەو نیعمەتانە دەکات کە خودای گەورە پێی بەخشیوین.

کتێبی (چیرۆکی ژیانم) لەلایەن مامۆستا ئەمین قندیل کراوە بە عەرەبی، منیش ئەم وتارەم هەڵبژارد چونکە بە بۆچوونی من باشترین بابەتە بۆ ئەو کەسانەی کە خودای گەورە یەکێك لە نیعمەتەکانی لێسەندونەتەوە و تا ئێستە لە تاریکی و ناخۆشیدا دەژین بەهۆی ئەمەوە، بۆ ئەو کەسانەش کە خودای گەورە ناز و نیعمەتێکی زۆری پێ داون بەڵام سوپاسگوزارنین.

بۆیە دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە سەیرێکی ژیانت بکە و بزانە تۆ لە کام لایەنەی**!** هەوڵ بدە ئەگەر کەمێکیش بێت ژیانی خۆت بگۆڕیت و یەکێك بیت لە سوپاسگوزاران**.**

# ئەمە هێلێنە، ئەی تۆ کێی و چیت کردووە؟

هێلین لەتەمەنی چوارده ساڵیدا چووە پەیمانگای نابینایان، ئەمەش ڕێگر نەبوو لە زیرەکی و سەرکەوتوویی لە خوێندندا.

هێلین بە عەجولی و جوڵەی زۆر ناسرابوو، لەملا و لەولا دەهات و دەڕۆیشت دەستی لە شتەکان دەدا بێ ئەوەی بیانشکێنێت یاخود تێکیان بدات.

بەخێرایی فێری خوێندنەوە بوو بە ڕێگەی (برایل)، لەتەمەنی شانزە ساڵیدا دەستی بەنووسینەوەی نامەکانی کرد، حەزی لە جوگرافیا و سروشت بوو ئەمەش پاڵنەرێکی زۆر باش بوو بۆی تاوەکوو ناوی ڕووەکەکان لەبەر بکات، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ سروشت هەبوو ڕێگاکانی گەشەکردن و پێگەیاندنیان هەموو فێر بووبوو.

هێلین ویستی قسە بکات، لەگەڵ مامۆستاکەی سۆلیڤان ڕاهێنانی دەکرد، ئەم ئەرکەی زۆر قورس بوو و کاتێکی زۆری ویست تاوەکوو دەنگەکانی لێکدەکردەوە و فێریان بوو، یەکەم ڕستەی کە دەربڕی، گوتی؛ (من چیتر لاڵ نیم).

ورده ورده ڕاهێنانی دەکرد و تا دەهات دەربڕینی وشەکان ئاسانتر دەبوو لەلای و ڕستەی زیاتر فێردەبوو، ئەمەش بە یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین دەستکەوتە تاکەکەسییەکان دادەنرێت لە بواری پەروەردەدا.

دەستوخەتی زۆر جوان بوو، یەکەم نامەی بۆ گۆڤاری (سانت نیکولاس) نووسی.

زیرەکییەکی لەڕادەبەدەری هەبوو، هەستی بە هەموو شتێک دەکرد؛ بۆ نموونە هەستی دەکرد ئەگەر ماڵەوەیان چاوەڕێی میوانێک بن.

جارێک لە یاریەکی دوو گۆڵیدا بەشداری کرد وەکوو هاندەر، لە نامەیەکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ڕێژەی بەشداربوان ٢٥ هەزار کەس بووە لە یاریدا، لەگەڵ ئەوەی کە کەڕیش بوو بەڵام بەهۆی لەرەلەری دەنگەکانەوە زانیویەتی و هەستی کردووە.

دەستی لەهەر کەسێک بدابوایە دەیزانی کەسەکە هەست بەچی دەکات.

لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا توانی زانکۆ تەواو بکات بەپلەی بەکالۆریۆس لە بەشی زانستەکان، ئەمە وایکرد زیاتر بەناوبانگ بێت و گۆڤار و ڕۆژنامەکان پەیوەندیان پێوە دەکرد بۆ پێشکەشکردن و نووسینی بابەت و وتار لە ڕۆژنامەکان.

کاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە وەکوو ئەو خاوەنپێداویستی تایبەتن و وەکوو ئەو بەبەخت نەبوونە، بە ئەندامی دەستەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەڵبژێردراوە لە ویلایەتی مساتشوستن.

هێلین لە کاتی دەست بەتاڵیدا دوورمان و چنینی دەکرد و کتێبی دەخوێندەوە، خۆی فێری مەلەوانی کردووە و مەلەوانێکی زۆر باش بووە، خۆی گونجاندوە لەگەڵ ژیان، دوای هەوڵدانێکی زۆر دکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەستهێناوە، لەدوای ئەوە (چیرۆکی ژیانم)، (ئەم جیهانەی تێیدا دەژین)ـی نووسیوەتەوە.

هێلین نمونەی هێز و خۆڕاگری؛ ئەم کەسایەتییە سەرسوڕهێنەرە لەساڵی (١٩٦٨) کۆچی دوای کردووە..

# ئەگەر ببینم:

وابزانم پێویستە لە خەیاڵی خۆم وێنەیەك بكێشم كە دەمەوێ چی ببینم، ئەگەر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نیعمەتی بینینم پێ ببەخشرێت.

هەوڵ بدەن ئەم خەیاڵە هاوبەشی پێ بكەن لەگەڵ من، بیربكەنەوە بزانن چی دەڵێم: من هەوڵدەدەم ئەم سێ ڕۆژە بە بەباشترین شێوە بقۆزمەوە كە تێیدا دەبینم.

كاتێك لەشەوی سێیەم دایت و هەستدەكەیت گەڕانەوەت بۆ تاریكی هەتا هەتایی نزیك بۆتەوە، كاتێك هەستدەكەیت جارێكی تر هەرگیز خۆر دەرناكەوێتەوە.

چۆن ئەم سێ ڕۆژە بەنرخە بەسەر دەبەیت؟ دەتەوێ چاوانت بخەیتە سەر چی و چی ببینیت؟

بێگومان من ئەو شتانە هەڵدەبژێرم بۆ بینین كە زۆر ئەزیزن لام، و لە ماوەی ئەو ساڵانەی لەتاریكدا ژیاوم نەمبینیون، ئێوەش وان؟ لێدەگەڕێن چاوەكانتان ئازاد بێت و جوانترین شتەكان ببیێت، ئەو شتانەی كە زۆر خۆشەویستن لەلاتان، تا هەڵی بگرن بۆ شەوە تاریك و نادیارەكان.

بەڵێ ئەگەر ئەم سێ ڕۆژەم پێ بدرێت و دوای ئەوە بگەڕێمەوە ناو تاریكی تا هەتایی ئەوە ئەم سێ ڕۆژە دابەش دەكەم بەسەر سێ قۆناغدا.

# ڕۆژی یەکەم

ڕۆژی یەکەم، بەر لە هەموو شتێك دەمەوێت ئەو کەسانە ببینم کە مانایان بە ژیانم بەخشیوە و ژیانیان جوانتر کردووم، بەهۆی ئەو هەموو وەفاداری و سۆز و خۆشەویستیەیان بۆم. پێش هەموو شتێك دەمەوێت تێر تێر لە سیمای مامۆستاکەم بڕوانم، ئەزیزەکەم خاتوو ئێن سەڵەڤن، ئەو کەسەی کاتێك کە منداڵ بووم ڕۆژێك هاتە لام و ئەم جیهانە تازەیەی بەڕوومدا کردەوە.

نامەوێت ڕوانینەکانم سەرەتایی بن و تەنها شێوە و سیماکان ببینن تا تەنها لەخەیاڵمدا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەمەوێت ئەو ڕووخسارە بخوێنمەوە، لێی ڕابمێنم و بیربکەمەوە بزانم چۆن ئەم ئەرکە قورسەی بەئەنجام گەیاندووە (ئەرکی پەروەردەکردنی من).

دەمەوێت ئەم چاوە پڕ لە هێز و خۆڕاگریانەی ببینم کە فێریان کردم لەبەردەم کۆسپ و تەگەرەکانی ژیاندا بووەستمەوە. ئەو چاوانەی کە پڕ پڕبوون لە بەزیی و ڕەحم بەرانبەر هەموو مرۆڤایەتی.

نازانم دەبێت چی بدۆزمەوە لە قوڵایی دڵی هاوڕێیەك تەنها بە سەیرکردنی چاوکانی (پەنجەرەی مرۆڤ). لە کاتێکدا من پێشتر تەنها بە هۆی بەرکەوتنەوە دەمتوانی ببینم، بە دەست لێدانەکانم دەمتوانی ڕوخساری کەسەکان ببینم، دڵخۆشیەکانیان، خەم، ئازار و ناخۆشیەکانیان تەنها بە دەست لێدانێك تێی دەگەیشتم. بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانم بزانم شێوەیان چۆنە، تەنها بە دەست لێدانێك، من کەسایەتی ئەوان دەناسم لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیانەی کە لە نێوانمان ڕوودەدەن، یاخود کە باسی ڕۆژەکەیان دەکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا من بێبەشم لە قوڵبوونەوە بەناخی ئەواندا، لەبەر ئەوەی ئەمە زیاتر بە بینین ڕوون دەبێتەوە. وەکوو کاردانەوەکانیان لە کات و ساتە جیاوازەکاندا، وەکوو بیستنی هەواڵێکی خۆش، یاخود ڕوودانی کارەساتێکی ناخۆش. هەموو ئەم هەستانەی ڕووخساریان دادەپۆشێت لەم کاتانەدا من بێبەشم لێی!

له تاقیکردنەوەیەکی تایبەتدا کە بۆ کۆمەڵێك هاوسەر ئەنجامم دا، بیرمە پرسیارم لەهەندێك لەم هاوسەرانە کرد کەوا ماوەیەکی زۆرە هاوسەرگیریان کردوە، پرسیم: چاوی خێزانەکانیان چ ڕەنگە؟ زۆربەیان توشی شڵەژان دەبوون و ڕەنگی شەرمەزاری دەیگرتن و لۆمەی خۆیان دەکرد کە چۆن ئەم شتە نازانن!

هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی کات ژنەکان گلەیی و گازندەیان هەیە لە هاوسەرەکانیان چونکە کاتێك ڕەنگی قژ یاخوود جل و بەرگ یان شێوازی ماڵەکە ئەگۆڕن، ئەوان هەستی پێناکەن و نایبینن.

ئۆهـ.... ئەو شتانە چین کە لە هەموو شت زیاتر دەمەوێت بیان بینم ئەگەر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نیعمەتی بینینم پێ بەخشرا....

بەڵێ، ڕۆژی یەکەم قەرەباڵغترین دەبێت، کار و بەرنامەی زۆرم دەبێت. دەبێت بانگهێشتی هاوڕێ نزیکەکانم بکەم و تێر لە سیمایان بڕوانم تا لە خەیاڵمدا بمێنێتەوە.

هەروەها دەمەوێت سەیری سیمای منداڵێکی پاك و بێگەرد بکەم، پاکی و بێتاوانی لە ڕوخساری ئەودا بدۆزمەوە.

هەروەها بێگومان دەبێت بەقوڵی لە سەگەکانم بڕوانم، (سکوتی) و (دارکی) ئەم دوو سەگە بچووک، زیرەک و توندە کە زۆر خۆشەویستن لام و زۆر بەوەفابوون بۆم، لەم ڕۆژەدا دەبێت سەیری ناو ماڵەکەم بکەم، هەموو کون و قوژبن، دیوار و کەل و پەلێکی بپشکنم. ئایا دیوارەکانی چ ڕەنگن، ئەو فەرشەی هەموو کات بەسەریدا دەڕۆم چۆنە، ئەی ئەو دەوریەی خواردنی تێدا دەخۆم، بەڵێ تەنها ئەم شتە بچوکانەن کە چوار دیوار دەکەن بە ماڵ، ئەو ماڵەی تێدا دەژین و دەحەسێینەوە.

هەروەها دەمەوێت سەیری کتێبەکانم بکەم، ئەو کتێبانەی بەدرێژای ژیانم لەژێر دەستم بوون و خوێنەریان بوومە، بەڵام ئەو کتێبانە نا کە نابینایان لەرێگەی دەست لێدانەوە دەیخوێننەوە، نا ئەمجارە سەیری ئەو کتێبانە دەکەم کە هەموو خەڵکی دەیخوێننەوە و وشە بە وشە لێیان ورد دەبمەوە و دەچمە قوڵای بیرکردنەوە لێیان. ئەو کتێبانەی کە ڕۆژانی بێ کەسی هاوڕێ و هاودەمم بوون، لە شەوانی تاریکی، ڕوناکی بوون بۆ جیهانە تاریکەکەم.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەم دەمەوێت بڕۆمە دارستان، ئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی پلانەکەم، دەمەوێت پیاسەیەکی دوورو درێژ بکەم بە ناو دارستاندا، دەمەوێت چاوەکانم دەوڵەمەند بکەم جوانی سروشت ببینم بە ڕەنگ و بۆنی سروشت شاد بم، دەمەوێ دار و درەخت و گوڵ و گولزارەکان ببینم، زۆر بە پەرۆشم تا بەچاوی خۆم ببینم ئایا گوڵەکان ئەوەندە جوانن وا خەڵکی باسیان لێوە دەکەن؟

دواتر لەڕێگەی گەڕانەوەم بۆماڵەوە دەمەوێت بچم بۆ گوندێکی نزیك، بە چاوی خۆم ببینم چۆن زەوی دەکێڵن، ئەو زەویەی بەرهەمەکانی دەخۆین. دەمەوێت لە نزیکەوە ژیانی سەخت و پاکی و بێگەردی ببینم، هەر لە هەمان شوێن نوێژی سوپاسگوزاری ئەنجام بدەم لەکاتی خورئاوابوون.

دوای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لە شەوی یەکەمی بینیندا، کە ئێستا شەوە و دونیا تاریکە بەڵام هێشتا دەتوانین ببینین بەهۆی ئەو داهێنانە سەرسوڕهێنەرانەی مرۆڤەوە کە جیهانی ڕوناککردۆتەوە لەتاریکترین شەودا، دونیای وەکوو ڕۆژی نیوەڕۆ لێکردووە.

بێگومان ئەو شەوە خەو ناچێتە چاوەکانم، و هەر بیر لە شێوە و سیمای ئەو شتانە دەکەمەوە کە بینیومن و لەناو مێشکم تۆمارم کردوون.

# ڕۆژی دووەم

لە ڕۆژی دواتردا؛ مەبەستم ڕۆژی دووەم لە ڕۆژە ڕوناکەکان، لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا هەڵدەستم تاوەکوو گەورەترین موعجیزە و یەکێك لە سەرسوڕهێنەرە جوانەکانی خودای گەورە ببینم: ئەویش موعجیزەی کۆتایی شەو و هەڵهاتنی ڕۆژە، گۆڕانی سروشتە لە تاریکیەکی نەبینراوەوە بۆ ڕۆژی ڕوناك.

بەپاکی و بێگەردیەوە بەرانبەر ئەم دیمەنە ناوازەیە ڕادەوەستم، سەیری تیشکی خۆر دەکەم، ئەو خۆرەی کە تیشکەکانی بڵاودەکاتەوە تا خەڵکی بەخەبەر بێنێت!

ئەم ڕۆژە بۆ شتێکی تریش تەرخان دەکەم؛ دەمەوێت چاوێکی خێرا بخشێنم بەم جیهانەدا و بیرۆکەی لێ وەربگرم، ڕابردوو و ئێستا، پێویستە هەموو ئەو پێشکەوتن و داهێنانەی مرۆڤایەتی ببینم کە لە چاخە جیاجیاکان پێی گەیشتوون...

بەڵام چۆن بتوانم هەموو ئەمانە لە ڕۆژێکدا ببینم؟ بێگومان لە ڕێگەر مۆزەخانەکانەوە، چەند جارێك سەردانی مۆزەخانەی مێژوویی (نیو یۆرک)ـم کردووە، دەستم لە وێنە و کەرەستە مێژووییەکان داوە، بەڵام بە پەرۆشم تا بە چاوەکانی خۆم بیان بینم، مێژووی جیهان ببینم. لەنێویاندا؛ ئەوانەی لە چاخە جیاوازەکاندا ژیاون، لەوانە مرۆڤەکان، ئاژەڵەکان کە ئێستا پەیکەرەکانیان لە مۆزەخانەکان دانراون و مرۆڤ بەهۆی ئەوانەوە دەیان ناسێتەوە، ئەو ئاژەڵانە لەناوچوون و نەماون لە ئێستادا، وەکو: (داینەسۆر)، (مستودون). بەڵێ، ئەم ئاژەڵانە خاوەنی زەوی بوون و بەڕێوەیان دەبرد پێش هاتنی مرۆڤ بە شێوە بچووك و مێشکە گەورە و پڕ زانیاریەکانی، تا جیهان بگۆڕێت و بەرەو پێشی ببات.

ئەم مۆزەخانانەش بەڵگەن بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە ڕابردووەوە تاوەکوو ئێستا، هەروەها ئەو کەرەستانە دەبینین کە مرۆڤ بەکاری هێناون، تا ژیانێکی ئارام بنیات بێت لەزەویدا.

تۆ بڵێی خوێنەر و بینەری ئەم گەوهەرە مێژووییانە چەند بن، کە سەیری ئەم پەیکەر و وێنە و کەرەستە مێژووییانە بکەن و لێیان بکۆڵنەوە؟ بێگومان زۆرن، بەڵام لەوانەیە کاتیان نەبووبێت تا بەراورد بکەن لە نێوانیان و بە جوانی لێیان بکۆڵنەوە، من دڵنیام ئەوان بە پێی پێویست چاویان بەکارنەهێناوە بۆ بینینی هەموو وردەکاریەکان.

بێگومان مۆزەخانەکان ئەو شوێنەن کە پێویستە چاوەکان تێیدا کراوە بن، ئەو شوێنەیە کە دەتوانیت چەندین ڕۆژی تێدا بەسەر ببەیت و تێیدا لە پەیکەر و وێنە و شوێنەوارە کۆنەکان وردبیتەوە، بەڵام بۆ کەسێکی وەکوو من کە لەم گەشتە کورتەدام و کاتێکی ئێجگار کەمم هەیە تەنها دەتوانم چاوێکیان پێدا بخشێنم و بگەڕێمەوە جیهانە تاریکەکەم.

سەردانی داهاتووم بۆ مۆزەخانەی پایەتەخت دەبێت بۆ هونەر، وەکوو چۆن مۆزەخانەی نیشتیمانی مێژووی دروستبوونی سروشت و جیهان و ماددەکانمان بۆ ڕوندەکاتەوە و نیشانمان دەدات، مۆزەخانەی پایەتەختیش بەم جۆرە زۆر ڕاستی فکری و هونەریمان بۆ دەردەخات.

ئێمە لە ڕێگەی هونەرەوە دەتوانین بیروڕاکانمان دەرببڕین، ئەم ڕێگەیە پێویستی مرۆڤ بۆ خواردن و ماڵ و منداڵ دەردەخات.

لێرە، لەم ژوورە فراوانەدا، ژیانی میسر، یۆنان و ڕۆمانیەکان دەبینم لە ڕێگەی کارە هونەریەکانەوە، من زۆرباش پەیکەری (بارثینۆن) دەناسمەوە و پێشتر دەستم لێداوە، لەڕێگەی ئەم پەیکەرانەوە شێواز و ڕوخساری شەڕکەرە یۆنانییەکانم بۆ دەرکەوت، ئەپۆلۆ خودای جوانی، ڤینیس خودای عەشق، هەروەها پەیکەری سەرکەوتن کە پەیکەرێکی باڵدار بوو.

له سامۆتراسه، هەموو ئەمانە هاوڕێی پەنجەکانم بوون، بەشەکانی ڕوخساری شاعیری یۆنانی هۆمیرۆس کە ڕیشێکی نەرمی هەبوو. هەموو ئەمانە زۆر ئەزیز بوون لەلام. ئەویش شاعیرێکی نابینا بوو.

هەستم بە ئارامی دەکرد کاتێك دەستم لە نەخش و هەڵکۆڵدراوە ڕۆمانیەکان دەدا. دەستم بە نیگارێکی جبسی نیگارکێشی ئیتاڵی (مایکڵ ئەنجلۆ) کەوت، کە وێنەی پێغەمبەر موسای لەسەر نەخشێنرابوو، لێرە دانایی و لێهاتویی هەڵکۆڵەری فەڕەنسی ڕۆدانم بۆ دەرکەوت.

هەروەها سەرسامی هەڵکۆڵینی دارە قوطبییەکان بووم، ئەو هونەرانەی کە دەتوانین دەستی لێبدەین و هەستیان پێ بکەین مانایەکی تایبەتیان هەیە لەلای من، لەبەر ئەوەی بە دەستلێدان زیاتر وردەکاریەکان دەبینین وەکوو لە چاو. ئەویش لەڕێگەی هەست و درك پێکردن و گەیشتن بە جوانیەکانیان، بەڵام هێشتا زۆرێک لە وردەکاریەکان نابینم و ون دەبن لە خەیاڵم، دەتوانم دەست لە نیشانە و هێڵە نەخشێنراوەکانی سەر گۆزە قوڕینەکانی ئەغریقیەکان بدەم و وێنایان بکەم بەڵام هێشتا ناتوانم زەخرەفە و ڕەنگەکانیان ببینم و بەلای منەوە شتێکی نامۆن.

بەڵێ بەم شێوەیە دووەم ڕۆژم لە ڕوناکی بەسەردەبەم، بۆم دەرکەوت کە پێویستە لە ڕێگەی هونەرەوە ڕۆبچینە نێو ڕوحی مرۆڤایەتییەوە، ئێستا هەموو ئەو شتانەی تەنها بە پەنجەکانم دەمتوانی هەستیان پێ بکەم بە چاوی خۆم دەیبیانبینم.

جوانییەکی سەرسوڕهێنەرە دەبێ زۆر بەجوانی سەری نیگارەکانی (ڕەفایل، لیۆناردۆ دافینشی، تیتیان و ڕیمبراندن) بکەم کە لەسەر قوماش کێشاویانە.

جەژنێک بۆ چاوەکانم دەگێڕم و کەمێک لە پێش ڕەنگە گەرمەکەی (فیرۆنیز) ڕادەوەستم، نهێنیەکانی (غریکۆ) دەخوێنمەوە، چاوێک بە سروشتی کوڕدا دەخشێنم، ئای خودای!

ئەمانە مانایەکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە، هەر یەکێکیان هی چاخێکی جیاوازن و ئێستا دەتوانین هەموویان لەیەک شوێن ببینین، هەر کاتێک بمانەوێت لە پێشیان ڕادەوەستین و تێر لێیان دەڕوانین.

دوای گەشتە کورتەکەم بۆ مۆزەخانەی هونەر، ئێرە جێدەهێڵم و ناتوانم ئاوڕ بدەمەوە بۆ ئەو ژیانەی پێشوو، ژیانی هونەر و ژیانی جوانی، کە ئێوە دەبینن، دەتوانن هەمووکات بیانبینن و چێژی لێوەربگرن.

بەشێک لە هونەرمەندان دەڵێن: کە هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە لەڕێگەی چاوەکانەوە دەکرێت چونکە بەبینینی کارەکان دەتوانرێت هەموو وردەکاریەکانیش ببینرێت و چاک و خراپ لێک جودا بکرێتەوە.

ئەگەر من چاوم ببینیایە چەند دڵخۆش دەبووم بە هەڵسەنگاندنێکی لەم جۆرە، هەمیشە بۆم دەگێڕنەوە کە ئێوە؛ گرینگی بەجیهانی هونەر نادەن لەلای ئێوەش جیهانێکی نامۆ و نەناسراوە!

ئەم جیهانە وەکوو شەوێکی تاریکە بۆ ئەوانەی کە دەبینن و هەرگیز ڕوناک نابێتەوە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ببینن و نابینن.

من لێرەوە مۆزەخانەکە بەجێدەهێڵم و هەست بە نیگەرانیەکی زۆر دەکەم کە ناتوانم زیاتر بمێنمەوە لێرە.

دەمەویست لە نزیک ئەم (کلیلە) بمێنمەوە کە دنیایەک جوانی لەباوەشگرتوە، جوانییە پشتگوێ خراوەکان. بەڵێن پێم وابێت ئەوانەی دەبینن پێویستیان بە مۆزەخانەیەکی لەم شێوەیە نییە، گرنگی پێنادەن بۆیە ئەم کلیلە ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم دەرگایە لەچاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە.

مۆزەخانەی بچووکی تریش هەن، کە جۆرەها کتێبخانە بە ڕەفە و کتێبەکانیانەوە لەخۆدەگرن و هەزارەها زانیاری مێژوویی و زانستی و جیهانیان تێدایە، بەڵام لە ئێستادا من ناچارم ئەم شوێنە هەڵبژێرم، ئەم شوێنەی ئەم کلیلیە بەنرخەی لێیە، زۆرترین و بەنرخترین گەوهەرەکانت نیشان دەدات.

لە ئێوارەی ڕۆژی دووەم، لە (ڕۆژە ڕوناکەکان) دەبێت لە سینەما یاخود شانۆ بەسەر ببەم، تا ئێستا ئامادەی چەندین شانۆگەری و فلیم بووم بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەڵام جوڵەی ئەکتەرەکان و شێوازی جل و بەرگ و ڕۆڵگێڕانەکانیانم لەلایەن هاوڕێکەمەوە دەبینی و بۆی باس دەکردم.

ئێستا چەند هەستێکی خۆش دەبێت کە بەچاوی خۆم ببینم و بێ یارمەتی هیچ کەسێک بتوانم لێکدانەوەیان بۆ بکەم. شانۆگەری (هاملت) و (فالسطاف)، ئای چەندە بە پەرۆشم بۆیان، تەنها دەتوانم سەیری یەک شانۆگەری بکەم! دڵنیام لەکاتی شانۆکەدا زۆر تووشی سەرسوڕمان دەبم کاتێ جل و بەرگ و ڕۆڵەکان دەبینم بەچاوەکانی خۆم. ئێوە ئەی ئەو کەسانەی کە دەبینن و دەتوانن هەموو شتێک ببینن، دەتوانن هەر شتێک ئاواتەخوازی بن، ببینن و لێی وردببنەوە، ڕووخساری خۆشەویستانتان، دایکتان، ئایا چەند کەس لە ئێوە کاتێک کە بینەری شانۆگەری یاخود فیلمێک دەبن ڕۆدەچنە نێو ڕۆڵەکان و لە وردەکاریەکان ورد دەبنەوە؟ دواتر سوپاسی خودا دەکەن بۆ ئەو نیعمەتەی پێی بەخشیون (نیعمەتی بینین)؟

من نەمدەتوانی لەگەڵ ئاوازەکاندا بجولێم، ئەوەی پێم دەکرا لە نێو ئەم بازنە تەسک و تەنگەدا دەست لێدان بوو، من تەنها دەمتوانی خەیاڵ بکەم، خەیاڵ لە تاریکیدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەمتوانی زۆر شتی دڵخۆشکەر ببینم و هەستیان پێ بکەم. دوور نەڕۆین دەتوانم هەست بە لەرەلەری تەرازوو بکەم کە وەک ئاوازێک لەژێر پێم دەلەرێتەوە، هەروەها هەست بە زۆر شت دەکەم لەڕێگەی دەستلێدان و پەنجەکانمەوە، ئەی چی ئەگەر بمتوانیایە هەموو ئەمانە بەچاوەکانی خۆم ببینم و بۆ هەمیشە لەپێش چاوم بێت؟

بیرم نەچێت یەکێک لە یادەوەریەکانم کە زۆر ئەزیزە لەدڵم ئەو ڕۆژە بوو کە ئەکتەری ئەمریکی جوزیف جیفرسن ڕێگەی پێدام دەست لە ڕوخساری بدەم کاتێک خەریکی نواندن بوو.

کاتێک چیرۆکێکی خۆشەویستی بۆ خەڵکەکە دەگێڕایەوە، ئەوکات توانیم لە ڕێگەی دەست لێدان لە ڕوخسار و دەستی، جوڵەکانیەوە وێنایەکی ئەو ڕۆڵگێڕانە لەخەیاڵمدا هەڵبگرم، هەرچەندە شتێکی بێ مانا بوو بەڵام لەبیری ناکەم کە چەندە دڵخۆش بووم لەم ساتانەدا، ئای خودایە من چەندم لەدەست چووە، چەند مایەی دڵخۆشکەرە بۆ ئەوانەی کە دەتوانن ببینن و شیکردنەوەی بۆ بکەن.

ئەگەر تەنها یەک ڕۆژ ببینم، دەتوانم دیمەنی هەزارەها شانۆ لەخەیاڵمدا هەڵبگرم، لەوانەی خوێندوومەتەوە و ئەوانەی بۆیان گێڕاومەتەوە.

بەم جۆرە ڕۆژی دووەمم تەواو دەبێت و دەچمە نێو جێگە، بەڵام ئایا خەو لەچاوم دەکەوێت؟ بێگومان نەخێر لەکاتێکدا هەزارەها دیمەن لە خەیاڵمدا دێن و دەچن چۆن بخەوم!

# سێیەم ڕۆژ

بەیانی ڕۆژی دواتر بێگومان دەبێت زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتندا هەڵبستم؛ لەبەرئەوەی دەمەوێت ئەو جوانییەی ژیان ببینم و لێی بێبەش نەبم، خۆش بەحاڵی ئەوانەی کە چاویان دەبینێت و هەموو ڕۆژێك بەدەم گۆرانییەکی هێمنەوە ئەم دیمەنە قەشەنگە دەبینن.

لەم ڕۆژەدا کە دوا ڕۆژم دەبێت لە پلان و کار و بەرنامەکانم، هیچ کاتێکم نابێت کە بە خۆزگە و دڵتەنگییەوە بەسەری ببەم، شتانێکی زۆر ماون کە شایەنی بینینن.

ڕۆژی یەکەمم بۆ هاوڕێ، ناسیاو، کەسوکارەکەم تەرخان کردبوو بە مرۆڤ و بێ گیانەکانیشەوە.

ڕۆژی دووەم مێژووی مرۆڤایەتی و سروشت و چۆنیەتی بوونی بۆ دەرخستم.

ڕۆژی سێیەم لەم جیهانە جوڵاو و ئاڵۆزەدا بەسەردەبەم، جیهانی ئێستا، مرۆڤەکان و فروشگاکانیان، کار و سەرقاڵیەکانیان.

مرۆڤ لەکوێ شوێنێکی دەستدەکەوێت هێندەی نیو یۆرك بەجوڵە و چالاك بێت؟ بۆیە من لەم ڕۆژەدا بەرەو نیو یۆرك بەڕێدەکەوم.

گەشتەکەم لەماڵە خنجیلانەکەمەوە دەستپێدەکەم، کە لە دورگەیەکی هێمن و ئارامە بەناوی (فوریست هیلز)، لە لونغ ئایسلاند. ئێرە شوێنی سەوزای و گوڵ و گوڵزارە، خانوەکانی بچووك و دڵگیرن، کە گوێم لە دەنگ و جوڵەی ڕۆژانەی خەڵکەکەی دەبێت زۆر دڵخۆش دەبم، بۆنێکی تایبەتی هەیە، کاتێك ئێواران پیاوەکان لە کار دەگەڕێنەوە دوای ماندووبوونێکی زۆر پشویەك دەدەن، دەحەسێنەوە لە ماڵە خنجیلانەکانیان.

بەڵێ، لێرەوە دەستپێدەکەم و بەسەر ئەو پردەدا تێدەپەڕم کە دورگەکە بە شار دەبەستێتەوە، بەناو ئەو باڵەخانە بەرزانەدا تێدەپەڕم. لێرە هەست بە سەرەتایەکی تازە دەکەم، لە کەناراوەکەدا چاوم دەکەوێت بەو کەشتیانەی کە تازە گەڕاونەتەوە و لە کەنارەکە لەنگەریانگرتووە، ئەو کرێکارانە دەبینم کە ماوەی چەند مانگێکە بێ وەستان کاریان کردەوە و ئێستا چۆن بەپەرۆشەوە هاوسەر و منداڵەکانیان لەباوەش دەگرن، هەروەها ئەو بازرگانانەی بۆ کڕینی بەرهەمەکان لێرەن، چەندە سەرقاڵ و پەشۆکاون، هەریەکەیان هەوڵدەدەن زۆرترین قازانج بەدەستبێنن. ئەگەر کاتی زیاترم هەبووایە بێگومان چەندین کاتژمێر، نا تەواوی ڕۆژەکەم لەوێدا بەسەردەبرد.

منارەی سەیر سەیر دەبینم لە ڕاست و چەپم، هەروەها ئەو هەوربڕانەی کە شاری نیو یۆرکی پێ ناسراوە. چەند جوان و دڵڕفێنن ئەم دیمەنانە، تاوەری بەرز و درەوشاوە. بیهێنە پێشچاوی خۆت ئەمە وێنەی ژیانی ملیۆنەها مرۆڤە، کە هەموو بەیانیەك لەگەڵ خۆرهەڵات هەڵدەستن بەرەو ئەم باڵەخانانە دەکەونە ڕێ، تۆ بڵێی ژمارەی ئەو کەسانە چەند بێت کە لێرە دەوەستن و دوو جار سەیری ئەم دیمەنانە دەکەن؟ وابزانم زۆر کەم، زۆربەی خەڵکی چاویان کوێرە لە ئاست جوانیەکان لەئاست ئەم هەموو جوانیە؛ لەبەرئەوەی ئەم دیمەنانە بەلای ئەوانەوە جگە لەشتێکی دووبارە هیچی تر نییە، سەرنجیان ڕاناکێشێت و پێوست ناکات دووبارە و دووبارە سەیری بکەنەوە.

ڕێگاکەم دەگۆڕم بۆ سەر لوتکەی یەکێك لەم باڵەخانە مەزنانە، ئەویش باڵەخانەی (ئەمپایەر ستەیت)ـە، کە پێکهاتووە لە (١٠٢) نهۆم، من پێشتر لە خەیاڵی خۆمدا شاری نیو یۆرکم بینیوە، بەڵام ئێستا زۆر بە پەرۆشم تا خەیاڵەکانم بە ڕاستی ببینم و بەراوردیان بکەم، دڵنیام زۆر شت هەیە کە لە ڕاستیدا بونیان هەیە و بە خەیاڵ نەمتوانیوە بیان بینم و وێنایان بکەم، ئەمەش بۆ من وێنایەك دەبێت لە جیهانێکی ترەوە.

ئێستاش لە گەڕان بەناو شاردا بەردەوام دەبم دوای ئەوەی لەسەر بەرزترین باڵەخانەی شار هاتمە خوارەوە و زۆر شتم بینی و بیرۆکەم لەسەر ژیانی ئێرە وەرگرت، دوور نەڕۆین لەوانەیە لە سوچێکی قەرەباڵغدا ڕابوەستم، سوچی

شەقامێکی قەرەباڵغ کە خەڵکانێکی زۆری پێدا تێدەپەڕن، تا سەیری ڕوخساری هەموویان بکەم، لەڕێگەی ڕوخساریانەوە بەشێك لە ژیان و گوزەرانیان ببینم، چۆن پێدەکەنن، چەند بە وزەوە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن، ماندوێتی و ئازاریان ببینم.

لەشەقامی (فیفث ئەفنیۆ) پیاسەدەکەم، چاودەگێڕم بزانم خاڵی کۆبونەوەی تیشکەکانی خۆر لە کام لاوەیە، نامەوێت تەنها ببیبنم بەڵکو دەمەوێت چێژ لەو ڕەنگە جوانانەی ببینم، بەتایبەت ڕەنگی پەلکە زێڕینە کە دوای باران دروست دەبێت، دڵنیام ئەم ڕەنگانە ڕەنگی جل و بەرگی زۆربەی خانمەکانی ئێرەیە، ئەگەر من بمبینیایە لەوانەبوو وەکوو ئەو خانمانە بومایە و گرنگیەکی زۆرم بە شێوازی ڕەنگی جل و بەرگەکانم بدایە، ئەوەتا من لە پێش جامخانەی یەکێك لە فرۆشگاکانی جل و بەرگ ڕاوەستاوم، دەمەوێ، بزانم چ جوانیەکە هەموانی گیرۆدە کردووە لەم ڕۆژگارەدا.

بەردەوامم لەگەڕان، بەناو پارکی (ئەفیف) دا دەسوڕێمەوە، ئەو پارکەی کە تایبەتە بە منداڵان و زۆربەی کات دایکان منداڵەکانیان دەهێنن بۆ ئێرە بۆ یاریکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش. لەوێوە دەچمە گەڕەکە ئەجنەبییەکان، بێگومان بۆ هەر شوێنێك بڕۆم چاوەکانم زۆر بەباشی دەکەمەوە تا هەموو جوانیەکانی ژیان ببینم و چێژیان لێوەربگرم، تا بزانم خەڵکی چۆن ژیان دەکەن؟ چۆن کاردەکەن؟ خەیاڵم پڕ پڕە لە دیمەن و وێنەی ژیان، وێنەی مرۆڤەکان، کەرەستەو ئامێرەکان. چاو دەگێڕم لەهەموو شتەکان ورد دەبمەوە هیچ شتێك پشتگوێ ناخەم.

ئەوان هەوڵدەدەن و ماندوو دەبن تا بەئاگابن و هەموو شتەکان ببینن کە دەکەونە سەری، هەندێك دیمەن دڵ دەهێننە خورپە ئەوەندە جوانن، لەهەمان کاتدا هەندێکیان ئازارەخشن و مرۆڤ دڵتەنگ دەکەن، بەڵام من هەموو ئەم هەستانەم لا خۆشە و چاوم داناخەم لە ئاستیان، چونکە هەر یەکێکیان لایەنێکی ژیان دەردەخەن، بڕوام وایە چاو داخستن لە ئاست ئەم دیمەنانە داخستنی دڵ و مێشکە.

سێیەم ڕۆژم خەریکە بەرەو کۆتا ساتەکانی هەنگاو دەنێت، وابزانم شتگەلێکی زۆر گرنگ هەن کە پێویستە کاتیان بۆ تەرخان بکەم و ئەنجامیان بدەم وبیانبینم، بەڵام پێم وایە پێویستە سەردانی تەختەی شانۆ بکەم، لەوێ شانۆگەرییەکی کۆمیدی هەیە کە پەخش دەکرێت، دەمەوێت ببینم تا بیرۆکەیەکم لەسەر جیهانی کۆمیدیاش هەبێت، دەمەوێت بەچاوی خۆم ببینم خەڵکی چۆن پێدەکەنن، لەکاتی دیمەنە کۆمیدییەکان، دەمەوێت گوێم لە قاقاکانیان بێت، لەڕوخسارە گەش و پڕ جوانییەکانیان بڕوانم.

ئێستا نیوە شەوە، مۆڵەتەکەم وردە وردە بە کۆتا دێت، دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ شەوە تاریك و بێ کۆتاکان. بێگومان لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا هەموو ئەوەی دەمویست نەمبینیون. کاتێك تاریکی شەو دەگەڕێتەوە ئەوکات دەزانم چەند شتی زۆر هەن کە نەمبینیون، بیرم هێندە ئاڵۆز دەبێت کە هەرگیز پێشتر بەم جۆرە نەبووە.

لەمڕۆ بەدواوە دەست لە هەر شتێك دەدەم یادگاریەکی زیندووی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە.

# له کۆتاییدا: چاوەکانت بکەوە

ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی کورت بوو بۆ قۆستنەوەی کات لەماوەی سێ ڕۆژدا له (ڕۆژه ڕووناکەکانم) یاخود ئەو ڕۆژانەی تێیدا دەمبینی، لەوانەیە لەگەڵ ئەو ڕێگە و بیرکردنەوانەی تۆ نەگونجێت که ئەگەر لەبارودۆخێکی وەهادابیت و ئەم کارانه هەڵبژێریت، ئەگەر له شوێنی من بویتایە، بەڵام دڵنیام ئەگەر ڕووبەڕوی بارودۆخێکی وەها ببیەوە ئەوا چاوەکانت بەڕووی زۆر شتدا دەکەیتەوە که ئاواته خوازبووی بیانبینی، و لەخەیاڵتدا هەڵیان بگری بۆ شەوە درێژو و تاریکەکان.

هەر شتێک ببینی لەم ماوەیەدا دەبێته یادگاریەکی زۆر ئەزیز لەلات. هەرچی هاته پێش چاوت جوان سەیری بکه لێی ورد ببەوە ئەوکات جیهانێکی تەواو جیاواز دەبینیت...

من وەکوو کەسێکی نابینا پێشنیازی ئەوەت بۆ دەکەم ئەو کەسەی چاوەکانت دەبینێت، یاخوود توندتر بڵێم ئاگادارکردنەوەیەکت دەدەمێ بۆ ئەوانەی دەیانەوێت نیعمەتی بینین بەکار بێنن و پێتان دەڵێم: ئەمڕۆ سوود له چاوەکانتان وەربگرن بەشێوەیەک وەک بڵێی بەیانی نەتوانن ببینن...

ئەم ئاگادادارکردنەوەیە تەنها بۆ بینین نییە، بەڵکوو بۆ هەستەکانی دیکەیشە تاقی بکەنەوە؛ گوێ لەدەنگەخۆشەکان بگر، دەنگی جریوەی باڵندەکان، ئاوازی میوزیکە جیاوازەکان، بەشێوەیەک گوێی لێ بگرن وەکوو بڵێی کۆتا جارت بێت و بۆ بەیانی ببیت به کەسێکی نەبیست، دەست له شتەکان بدەن، بۆنی عەتر و گوڵەکان بکەن، خواردنی خۆش و بەلەزەت بخۆن، وەک بڵێی کۆتا جارتان بێت و دواتر هەستی بۆنکردن و تامکردن لەدەستبدەن، هەموو هەستەکانتان بەکار بێنن، چێژی لێ ببینن، جوانیەکان ببینن، گوێی لێ بگرن، تامی بکەن و دەستیان لێ بدەن، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەمەکۆتا جارتان بێت.

بەخشینی ئەم هەستانە لەلایەن خودای گەورەوە بە ئێمە گەورەترین نیعمەتە، دەبێ هەمیشە سوپاسگوزاری خودای گەورە بین لەبەرانبەر بەخشینی بە ئێمە، یەکێک لە جوانترین ئەم نیعمەتانە بینینە.

# هەندێک لە وتە بەناوبانگەکانی هێلین:

- با هەمیشە ڕووت لە خۆر بێت، ئەو کات هەرگیز تاریکی نابینیت.
- هەر شتیکت بوێت دەتوانیت بەدەستی بهێنیت، ئەگەر کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەیت.
- ژیان سەرکێشیەکی ترسناکە، یاخود هیچ نییە.
- کاتێک دەرگای خۆشبەختی دادەخرێت، دەرگایەکی تر دەکرێتەوە بەڵام ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری دەرگا داخراوەکە دەکەین بۆیە دەرگا کراوەکە نابینین.
- ئێمە ناتوانین بە دانیشتن پێشبکەوین و بگەینە ئامانج، بەڵکو بە ئەزمونکردن، بە هەوڵ و تێکۆشان، بەئازار و ناخۆشیەکان دەگەین بە ئامانج.
- جوانترین و باشترین شتەکان ناتوانرێ نە دەستی لێبدرێ، نە ببینرێ بەڵکو تەنها دەتوانین هەستی پێبکەین.